# بەرنامەی هەڵبژاردنی لیستی نیشتمانیی دیموكراتی كوردوستان

هیدایەت مەلا عەلی

جارێكی تر مێژوو دووبارە ئەبێتەوە دوای زیاتر لە 14 ساڵ دەسەڵاتی ئەحزابی ناسیۆنالیستی كورد و زیاتر لە 13 ساڵ تەمەنی پەرلەمەناكەیان وا جارێكی تر ئەم حیزبانە خەریكی پەخشان و نەخشانی وەعدەو بەڵێنن بە خەڵكی كوردوستان .مەبەست لەم وەعدو بەڵێنانە خۆ ئامادە كردنە بۆ كۆنترۆڵ كردنی دەسەڵات تا چەند ساڵێكی تر .بەڵام ئەوەی ئێستا لە ڕابووردو جیا دەكاتەوە ئەوەیە كە خەڵكی كوردوستان بە چاوی خۆیان بینیان هەموو ئەو شتانەی كە ئەم حیزبانە ووتیان بە خەڵك پێچەوانەكەی ڕاست دەرچوو . ئیتر ئێستا خەڵكی كوردوستان هیچ دوو دڵیەكیان لەوەنیە ئەوەی ئەم حیزبانە دەیڵێن تەنها وەسیلەیەكە بۆ فریودان و بەشێكیشی ڕۆتینیاتی حەملەی هەڵبژاردنە . ئەم حیزبانە بۆ خۆیان دەسەڵاتیان دابەش كردووە بەرنامەیان هەبێت یان نا . بۆ خۆیان مسۆگەری دەسەڵات یان كردووە پڕوپاگەندە بكەن یان نا . ئەوەی لێرەدا دەمێنێتەوە قسەی لەسەر بكەین ئەوەیە كە بلێین ئەم حیزبانە بە بەرنامەیەك كە داویانە بۆ هەڵبژاردن لە كوردوستان خەریكن كۆپی قۆناغی ڕابووردو دەكەنەوە لە كاتێكدا خەڵكی كوردوستان ئەو قۆناغەی بە ژیان و گوزەرانێك تێپەڕاند كە نەك شایەنی ئینسان نەبوو بەڵكو دەبێت دەسەڵاتدارانی كوردوستان لەسەر ئەو ژیانەی فەرزیان كرد بەسەر خەڵكیدا بخرێنە دادگا ئەم حیزبانەو لە پێش هەموویانەوە پارتی و یەكێتی ئەیانەوێت وا نیشانی جەماوەری خەڵك بدەن كە ژیان و چارەنووسی خەڵك پێش هەڵبژاردن جیاوازی هەیە لەگەڵ دوای هەڵبژاردن بەو مانایەی خۆشگوزەرانی و ئاوەدانی سایە دەكێشێت و خەڵكی كوردوستان كێشەیان نامێنێت . بەڵام با بێین و مشتێ لە خەرواری وادەو بەڵێنی ئەم حیزبانەو نموونەی دەسەڵاتەكەیان ببینین.بۆ ئەوەی دروست تر ئێستا لە بەرنامەی داهاتوویان وچۆنیەتی پراكتیزەی دەسەڵاتەكەیان لێك بدەینەوە . پێش هەڵبژاردنی پەرلەمانی یەكەمیان بۆ هەركارێك ڕێگەت بكەوتایەتە هەر جێگایەك دەیانووت ڕاوەستە تا دوای پەرلەمان . دەتووت نان دەیانووت دوای پەرلەمان . دەتووت كار دەیانووت دوای پەرلەمان . دەتووت ئاو كارەبا دەیانووت دوای پەرلەمان . ئەو بەهەشتەی ئەم حیزبانە بەڵێنیان پێدا بۆ خەڵكی كوردوستان بە دۆزەخیك دەرچوو نەك ئاو كارەبا ژیانی هەزاران ئینسانی لە شەڕە ناوخۆكاندا كردە كورەی مەرگەوە . هەزاران ژن بوونە نێچیری تیرۆریزمی ئیسلامی سیاسی و یاساكانی بەعسیان بە سەردا دەسەپاندن لە لایەن دەسەڵاتی ئەحزابی ناسیۆنالیستی كوردەوە . هەزاران مناڵ كەوتنە سەر شەقامەكان بۆ بەخێو كردنی ماڵەوە و چەندینیان وەك ئازاد ئەبوبەكر سەربڕان و هەر لەم ئینسانە بچووكانە لەشكری سەربازیان پێك دەهێنا .خوێندن و پرۆسەی پەروەردەیان وەك خۆی هێشتەوەو هەر هەوڵێك بۆ گۆڕانی دژایەتی دەكراو لە ژێر فشارێكی زۆردا وێنەكانی سەدامی جەلاد لە كتێبەكان كرانەوە . بێكاری و نەبوونی بە جۆرێك پەرەی سەند ئینسان موحتاج بە زۆر كار دەكرا كە لەگەڵ كەرامەتی

ئینسانی نەدەهاتەوە . ئەمنیەت و سەرو مالی خەلك هەمیشە لەبەردەم ئەگەری لەشكر كێشی دەوولەتانی ناوچەكە بوو. سەر گەردانی و دیار نەبوونی چارەنووسی سیاسی وەزعی كوردوستان یان كرد بووە مۆرێك و دابوویان لە نێوو چەوانی خەلك . كوردوستان یان بۆ لاوان كردە ئەو مەیدانەی كە یان دەبێت برۆی یان دەبێت ئامێری دەستی من بیت لە ئەنجامدا هەزاران لاو لەم دەسەلاتە هەلهاتن و زۆرێكیان بوونە خۆراكی ماسی و گیانداری ئاوی . ئازادی تەنها بۆ ئەو كەسانە بوو كە شیعر و پەخشانی بۆ دەسەلات ئەووت تیرۆرو فراندن دیاردەیەكی بەر چاو بوو تیرۆركردنی دەیان كەسی كۆمۆنیست و ئۆپۆزسیۆنی ئێرانی نە ئەشارایەوە .یاسا ئەو لاستیكە بوو كە ئەم حیزبانە بە ئارەزووی خۆیان كێشیان دەهێنا هەرچی بەرژەوەندی سیاسی و ئابووری ئەوانی پاراستبێت یاسای ڕەسمی بووەو لادان لێی تۆلەی هەبووە . زۆر ئاسان تاوان بار ئازاد بووەو بێ تاوان زیندان كراوە . تەندروستی و ساغی لەشی ئینسانەكان درابوویە دەست بازرگانەكان شووشەیەكی خوێن بە بەتالی نرخەكەی 300 دیناربوو بەلام خوێنەكە بە 85 دینار چونكە ئەوەی خوێنی دەفرۆشت دەست تەنگەكانی كۆمەلگای كوردوستان بوون .ئاوارەبوون و ژیانی ژێر خێمە بە لێشاو بوون ئاوارەی دەستی بەعس و ئاوارەی شەڕی ناوخۆ كە تا ئێستاش ماوون چارنووسیان دیار نیەو لە چوار چێوەی گەمەیەكدان.مافی هاوولاتی بوون بەیەكجار لای ئەم حیزب و دەسەلاتانە هەلگیرابوو مەرجی ئینسانی بوون یان هەر مافێكی سەرەتای بەسرابوویەوە بە ئەوەی سەر بە چ عەشیرەتێك یان حیزبێك یان خانەقایەكیت . ئەمانە سەرنجێكی تیر ئاسای دەورەی پێشووی دەسەلاتی ئەحزابی ناسیۆنالیستی كورد و هاووپەیمانەكانی بوو . ئەمانە بەرئەنجامی وەعدەو بەلێنەكانی پەرلەمانی یەكەمیان بوو . ئێستاش ئەم حیزبانە جارێكی تر ئەیانەوێت بە سیناریۆی هەلبژاردن پەنجە مۆری خەلكی كوردوستان بۆ كۆنتۆل كردنی دەسەلات وەربگرن و ئەوەی كردیان بە خەلكی كوردوستان لە چەوساندنەوە و بێمافی دووبارەی بكەنەوە .ڕێگە نەدان بە دووبارە بوونەوەی ئەم ژیانە پڕ لە مەرگەساتە لە گرەوی هاتنە دەرەوەی ئیرادەی خەلكی كوردوستاندایە و كۆبونەوەیانە لە دەوری شیعاری نا بۆ هەلبژاردن بەلێ بۆ ڕیفراندۆم پێش هەلبژاردن . ئەمرۆ حیزبی كۆمۆنیستی كرێكاری عێراق و كەمپینی ڕیفراندۆم بۆ سەربەخۆیی كوردوستان ڕابەرایەتی ئەم خواستە بەرحەقەی خەلكی دەكات با لە دەوری كۆ ببینەوە .

بژی خەلكی كوردوستان

بژی كوردوستانی ئازاد و سەربەخۆ

هیدایەت مەلا عەلی